هەرکەسێک لە ترسی خوای گەورە گریا بێت ناچێتە نێو دۆزخەوە هەتاوەکو شیر دەگەڕێتەوە بۆ نێو گوان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«هەرکەسێک لە ترسی خوای گەورە گریا بێت ناچێتە نێو دۆزخەوە هەتاوەکو شیر دەگەڕێتەوە بۆ نێو گوان، تۆز وخۆڵێک (تووشی مرۆڤ بووبێت) لە پێناوی خوای گەورە ودوکەڵی دۆزەخ؛ پێکەوە کۆ نابنەوە».
[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات هەرکەسێک لە ترسی خوای گەورە گریا بێت ئەوا ناچێتە دۆزەخەوە چونکە ئەو کەسەی لە ترسی خوای گەورە دەگری فەرمانەکان جێبەجێ دەکات وخۆی لە نەهی لێکراوەکان دەپارێزێت، ئەم کەسە ناچێتە دۆزەخەوە هەتاوەکو شیر بگەڕێتەوە بۆ نێو گوانی ئاژەڵ وئەمیش لە ڕوانگەی مەحاڵەوەیە واتا مەحاڵە ئەو کەسە بچێتە دۆزەخەوە کە لە ترسی خودا دەگری. وتۆز وخۆڵێک تووشی لاشە بووبێت لە پێناو خوای گەورە ودوکەڵی دۆزەخ لەسەر یەک بەندە کۆ نابێتەوە وتووشی هەردوویان نابێت، هەروەکو ئەوە وابێت دژی یەکتر بن وکۆ نابنەوە هەروەکو چۆن لە دونیا وئاخیرەتدا دژیەکن، واتا ئەوەی لە پێناو خوای گەورە کۆشش وجیهادی کردبێت وتووشی ناڕەحەتی بووبێت ناچێتە نێو دۆزەخەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3778

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee